هەرکەسێک سورەتێک بخوێنێت کە لە سی ئایەت پێکهاتووە؛ شەفاعەتی بۆ پیاوێک کرد هەتاوەکو (خودا) لێی خۆش بوو

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک سورەتێک بخوێنێت کە لە سی ئایەت پێکهاتووە؛ شەفاعەتی بۆ پیاوێک کرد هەتاوەکو (خودا) لێی خۆش بوو، ئەویش بریتیە (لە سورەتی): (تبارك الذي بيده الملك) -سورەتی الملك-». ولە گێڕانەوەیەکی (ئەبو داود)دا: «شەفاعەت دەکات».

[حەسەنە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- ڕوونی دەکاتەوە کە سورەتێک هەیە لە قورئاندا لە سی ئایەت پێکاتووە، شەفاعەتی بۆ پیاوێک کرد هەتاوەکو خودا لێی خۆش بوو، چونکە بەردەوام دەیخوێندەوە وگرنگی پێی دەدا، وکاتێک مرد؛ سورەتەکە بەرگری لێی کرد هەتاوەکو سزای لێ دوورخستەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە سەرەتای فەرموودەکەدا باسی سورەتەکەی نەکرد، بەڵام لە کۆتاییدا باسیکرد بۆئەوەی پلەبەرزی ومەزنی ئەم سورەتە ڕوون بکاتەوە، وباشترین هاندەر بێت بۆئەوەی مسوڵمان لەسەر خوێندنەوەی بەردەوام بێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6260